Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080308

# ڕۆڵی میتافۆڕ لە کشانی واتادا: (ئاخاوتنی ڕۆژانە بە نموونە)

مستەفا ڕەزا مستەفا
زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە و زمان، بەشی کوردیی،
دەشتی بەهجەت محەمەد
زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە و زمان، بەشی کوردیی

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

میتافۆڕ، کشانی واتا، قسەی ڕۆژانە.

*Corresponding Author*

mustafa.mustafa@charmouniversity.org
dashti.bahjat@charmouniversity.org



**پوختە**

بابەتی واتا یەکێکە لە دیاردە هەستیارەکانی زمان، تەنانەت هەندێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کە واتا گرنگترین ئاستە بۆ کارکردن، بلۆمفیێڵد لەم بارەیەوە دەڵێت: (واتاناسی هەر پەیوەست نییە بە زمانناسیەوە، بەڵکو لە هەموو زانستەکاندا هەیە، بۆیە دەکرێ لە دەرەوەی زمانناسی دا بێت.) (سەلام ناوخۆش،2008: 47)، واتە لەم قۆناغەدا بلۆمفیێڵد پێی وابوو، قسەکردن لەسەر واتا کارێکی گرانە و پێویستە بۆ قۆناغی پێشکەوتنی مرۆڤ هەڵبگیرێت، چونکە ناتوانرێت واتا دەستەمۆبکرێت و سیفەتی نەگۆڕی بەسەردابسەپێنرێت، هەروەها سنوری واتا فراوانە و ناتوانرێت ڕێگە لە گەشە و فراوانبوونی بگیرێت، وشەکانی زمانیش بەپێی مێژوو شیاوی گۆڕانن، هەم لە ڕووی فۆڕم و هەم لە ڕووی واتاوە، چونکە واتا بە هۆکار و بەپێی پێویستیی ژیانی کۆمەڵ و گەشەکردنی بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵ دەگۆڕێت، هەربۆیە جێی خۆیەتی بە بەردەوامی بەرگی وشەکانمان بگۆڕین و خاڵیبکەینەوە لە واتا باوەکانیان، پڕیانبکەین لە وزەی نوێ، بەهای ڕاستەقینەی زمانیش لە توانای دەربڕیندایە، ئەمە جگە لەوەی، کە واتا یەکێکە لەو بابەتە زمانییانەی، کە پێناسەکردن و لە چوارچێوەبۆدانانی کارێکی ئاسان نییە، چونکە واتا یەکەیەکی سرکە و بە ئاسانی وەك یەکە زمانییەکانی تر دەستنیشان و دیاریناکرێت، هەربۆیە بابەتی واتا بەپێی بواری ژێرتوێژینەوە و ئەو ئاستەی کاری لەسەردەکرێت تایبەتمەندیی خۆی وەردەگرێت، واتە وەك ئەو شلەیە وایە، کە بەپێی قەوارە و ڕەنگی ئەو دەفرەی تێیدەکرێت شێوەی خۆی دەگۆڕێت، بۆیە واتاش ئەم تایبەتمەندییەی هەیە و بەردەوام بەهۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی وشەکان لە دەوروبەری جیاواز و بە مەبەستی جیاواز و بوونی پێویستیی ئاخێوەر بە گواستنەوە و دەربڕینی واتا و تێگەیاندنی بەرانبەر پێویستی بەوە هەیە، کە وشە و دەربڕاوەکانی زمان واتای نوێیان لێباربکات و بەپێی پێویست وشە کۆنەکان بە واتای نوێ بارگاویبکات و واتای زیادە و سەربار بخاتەسەر واتای وشە هەبووەکانی زمان، دیارە ئەم هەنگاوەش هەم بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئاخێوەر و هەم وەك لایەنێکی ئابووریکردن چاویلێدەکرێت، بۆ نموونە وشەکانی خشتەی ژمارە (1)، جگە لە واتا بنەڕەتیی و فەرهەنگییەکەیان لە ئێستای زمانی کوردییدا ئاخێوەری کوردزمان بۆ چەند واتایەکی تر بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن بەکاریاندەهێنێت، کە هەم بنەمای پڕکردنەوەی پێویستییەکان و هەم بنەمای ئابووریکردنی تێدا پەیڕەوکراوە:

| ژ | وشە | واتای فەرهەنگیی | واتای زیادە |
|---|---|---|---|
| 1 | کورسی | +دانیشتن | +دەسەڵات، +خوێندن |
| 2 | گەورە | +قەبارە | +تەمەن،<br>+دەسەڵات |
| 3 | لق | +بەشێکی دار | + بەش (فرع) |
| 4 | گەڵا | + پەلکی دارودرەخت | + پارە ($100) |

خشتەی (1) کشانی واتای چەند وشەیەك بەپێی پێویستیی ئاخێوەر

## پێشەکی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی: (ڕۆڵی میتافۆڕ لە کشانی واتا) دا، (ئاخاوتنی ڕۆژانە بە نموونە) ) یە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو فۆڕمە زمانییانەی، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەپێی دەوروبەر (context) دەربڕی زیاتر لە واتایەکن، ئاشکرایە، کە میتافۆڕ دیاردەیەکی زمانیی بڵاوە، لە زۆر شێوەی گەیاندنی زمانییدا دەبینرێت، لێرەدا ئاخاوتنی ڕۆژانە هەڵبژێردراوە، چونکە ئاخاوتن گرنگترین جۆری بەکارهێنانی زمانە، ئاخاوتن واتە گفتوگۆی نێوان هاوبەشەکان (قسەکەر و گوێگر)، کە بەردەوام ڕۆڵەکانیان دەگۆڕنەوە، ئاخاوتن ئەو جۆرەیە، کە منداڵ فێری زمانی دایکی دەبێت، هەروەها چەندین لایەنی پراگماتیکی هەن، کە لە ئاخاوتندا دەردەکەون، وەک: دەوروبەر، قسەکەرو گوێگر، نیشانە پراگماتیکییەکان، پیشبینییە پێشوەختەکان، کە ئەم بابەتەش پەیوەستە بە گریمانەی پێشەکییەوە، دەتوانرێت قسەی لەبارەوە بکرێت.

شیکردنەوەی ئاخاوتنیش هەروا کارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو یاسای تایبەتی خۆی هەیە، بەپێی بۆچون و ڕێبازی کردەقسەییەکانی (ئۆستن)، بنەما پراگمەتیکییەکان خراونەتەڕوو.

ئەم بنەمایانە وا دەکەن، کە ئاخاوتنەکان واتای جۆراوجۆریان هەبێت، هەر وشەیەک سەرەتا بۆ ناونانی کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی دەوروبەر بووە، بەڵام گەشەکردنی ڕەوتی ژیان و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی کەرەستە و دیاردەی نوێ وایانکردووە، کە وشە بە واتای نوێوە لەدایکببێت، یاخود وشەکانی زمان واتای نوێ هەڵبگرن و دەربڕی واتای نوێ بن، هەربۆیە بوونی وشەکانی زمان بە زیاتر لە واتایەک وایکردووە، کە چەندین دیاردە بە تایبەت دیاردەی میتافۆڕ لە زماندا پەیدابیبێت، دیاردەی میتافۆڕیش: یەکێکە لە پێویستییە گرنگەکانی زمان، چونکە وەک پێشتر ڕونکرایەوە، ئەگەر دیاردەیەکی وەک میتافۆڕ نەبێت، ئەوا دەبێت بۆ هەر واتایەک وشەیەکمان هەبێت، کە ئەمەش بێگومان لە توانستی زماندا نییە بۆ هەر بابەت و دیاردە و شتێکی نوێ وشەیەك بەرانبەری دابنێت، بۆیە بابەتی میتافۆڕ و بەکارهێنانی فۆڕمە زمانییە هەبووەکان لە واتای نوێدا و بارکردنیان بە واتای نوێ، یەکێکە لە ڕێگە و ئەبزار/وەسیلە گرنگەکان بە دەست ئاخێوەرانی زمانەوە، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن لەگەڵ گۆڕانەکانی دەوروبەردا بگونجێن و زمانیش بتوانێت (پارسەنگ/balance) ێك لە نێوان شتە نوێ و تازە لەدایکبووەکان و وشەکانیدا ڕابگرێت.

توێژینەوەکە بە پێی ڕێبازی پەسنیی - شیکاریی ئەنجامدراوە، بەپێی پێویستیش ڕێبازی مێژوویی پەیڕەوکراوە، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توێژینەوەی تێروتەسەل لەسەر میتافۆر وەک هۆکارێک لە هۆکارەکانی کشانی واتا نەکراوە، سەرچاوەی نموونەکانیش ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، لەبەرئەوەی ڕێبازی پراگماتیکی لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوکراوە.

توێژینەوەکە بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست کاریکردووە، هەروەها بینای توێژینەوەکەشمان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخستووە:

لە بەشی یەکەمدا، کە بۆ دوو (پار) دابەشکراوە، لە پاری یەکەمدا هەوڵدراوە وەك بەشێکی تیۆریی بەشێوەیەکی گشتیی ( چەمك و پێناسەی میتافۆڕ و زاراوەی میتافۆڕ و تایبەتمەندیی و گرنگی میتافۆڕ) بخرێتەڕوو، لە پاری دووەمیشدا قسە لەسەر کشانی واتا، چەمك و پێناسەی کشانی واتا، هۆکارەکانی کشانی واتا کراوە.

لە بەشی دووەمدا، کە بەشی کارەکیی توێژینەوەکەمانە، هەوڵدراوە لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونە و داتا پێویستەکان بۆ توێژینەوەکە لە ڕۆڵ و گرنگیی میتافۆڕ لە کشانی واتادا بدوێین، واتە لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونەی قسەی ڕۆژانەوە، کە وەك میتافۆڕ لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەکەوە بەکاردەهێنرێن و سوودیانلێوەردەگیرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاخاوتنیان، کە لەم ڕووەوە ئاخێوەری زمانی کوردیی بۆ دابینکردنی پێویستییە زمانییەکانی لە دەربڕاوی زمانیی، هەوڵیداوە لە ڕێگەی فراوانکردنی واتای یەکە میتافۆڕییەکانەوە مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێت.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

**میتافۆڕ و کشانی واتا**

**پاری یەکەم: ١/١ چەمک و پێناسەی میتافۆڕ:**

**١/١-١) زاراوەی میتافۆڕ:**

زاراوەی (میتافۆڕ) بەپێی فەرهەنگی (وێبستەر،1973: 716)، لە (metaphora) ی لاتینی و (metaphoriea) ی گریکییەوە هاتووە و زاراوەکە لە دوو بەشی (meta- ئەودیو)، (phor – دەیگوێزێتەوە) پێکهاتووە، لەڕووی زمانەوانییەوە زاراوەی میتافۆڕ، بە واتای گواستنەوەی واتا لە دیوە بنەڕەتیی و یەکەمییەکەیەوە بۆ دیوێکی تری بەکارهێنانی واتا دێت، هەرچەندە لەم ڕووەوە بۆچوونی جیاوازیش هەیە، بۆ نموونە (کامیل حەسەن بەسیر) لەم بارەیەوە پێیوایە میتافۆڕ بە واتای گواستنەوەی واتا لە واتای یەکەمەوە بۆ واتای دووەم نایەت، بەڵکو ئەو زاراوەی (ئاوەڵواتا) بەکاردەهێنێت و پێیوایە هەرچەندە واتای یەکەم واتای بنەڕەتییە، بەڵام واتای دووەمیش ئاوەڵ و هاوڕێیەتی و وەك واتای دووەمی وشەکە خۆی دەردەخات.[1] لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی (میتافۆڕ) زاراوەکانی (خوازە، خواستن، ئاوەڵواتا) ش بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان بەکارهاتوون.

**١/١-٢) پێناسەی میتافۆڕ:**

میتافۆڕ وەک هەر دیاردەیەکی تر لە زماندا سەرنجی زۆرێک لە زمانەوانەکانی ڕاکێشاوە، بۆچوونیان لە بارەیەوە خستووەتەڕوو، لەوانە :

---

[1] – بڕوانە (کامل حسن بەسیر، 1981: 4) .

- میتافۆڕ بریتییە لە وشەیەکی بەکارهێنراو، کە بۆ شتێك جگە لەواتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاردێت، بەڵام لە ڕێگەی (قەرین) هیەکەوە پەیوەندی بە واتا بنەڕەتییەکەیەوە هەر دەمێنێت، کە ئەمەش وا لە گوێگر دەکات بەو جۆرە لە میتافۆڕ تێبگات، کە واتا میتافۆڕییەکە لە واتا یەکەمییەکەیەوە سەرچاوەیگرتووە، یاخود وا لێکدەدرێتەوە، کە گواستنەوەی واتایە، لە واتای یەکەمەوە بۆ واتای دووەم. (احمد ابراهیم مصطفی،1943: 179) .

- میتافۆڕ لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتییە لە گواستنەوەی واتایەك بۆ واتایەکی تر، یاخود پەڕینەوەی شتێکە لە واتا بنەڕەتییەکەیەوە بۆ واتایەکی تر، هەروەها لەڕووی زاراوەییەوە میتافۆڕ بەوە لێکدراوەتەوە، کە ئاماژە بۆ ئەو وشەیە/وشانە دەکات، کە لە (بنەڕەت – اصل) ی زماندا بۆ واتای میتافۆڕی دانەنراوە. (طالب محمد الزوبعی و ناصر حلاوی ...، 1996: 64) .

- کامل حسن البصیر، کە زاراوەی (ئاوەڵواتا) ی بۆ (میتافۆڕ) بەکارهێناوە، پێیوایە، ئاوەڵواتا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بە زیاد لە واتایەك بەکاردێن و واتایەکیان سەرەکیی و بنەڕەتییە و واتاکەی تر ئاوەڵ و هاوڕێی واتا سەرەکییەکەیە و واتای دووەمە و هەڵقوڵاوی واتای یەکەمە، نەك ئەوەی گواستنەوەی واتا بێت لە واتا بنەڕەتییەکەوە بۆ واتای دووەم. (بڕوانە:1981: 5) .

- ئەرستۆ، میتافۆر گواستنەوەی وشەیەکە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر. (سەرچاوەی پێشوو:25) .

- کەمال جەلال غەریب، کە زاراوەی ئاوەڵواتای بۆ بەکارهێناوە پێیوایە، میتافۆڕ بریتییە لە گواستنەوە وشەیەك لە واتا فەرهەنگییەکەیەوە بۆ واتایەکی تری نوێ (واتای زاراوەیی) . (2012: 26) .

- ئەرۆنۆف و میلەر، میتافۆڕ، بەشێوەیەکی بنەڕەتیی دەرهاویشتەی دروستەی چەمکێکی گونجاوە لە واتایەکی دیارەوە (بنەڕەتی) بۆ واتایەکی جیاواز و کەمتر دیار، کە ئەمەش دەکەوێتەسەر کاریگەریی شیاوی لێکچوونی نێوان دوو کێڵگەی دەرهاویشتەی ئاشکرا. (2003:؟)

- میتافۆڕ: تایبەتییەکی زمانە و یاریکردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێک و بەر ڕۆشنایی دانی هەندێکی تر، پەیوەندی بە وشەوە هەیە و بە دیاردەیەکی بەربڵاوی ناو زمان دادەندرێ، یەکێک لە ڕەگەزەکانیشی ڕامان و نامۆیی لەخۆدەگرێ، کە ناکرێت پێوانە بکرێن، بۆ ناسینەوەی میتافۆڕیش پێویستە دەوروبەرەکەی بخرێتەڕوو، ئەگینا بەبێ بوونی دەوروبەر دەستنیشانکردنی خوازە ئاسان نابێت، میتافۆڕیش دەکرێت لە ڕستەی هەواڵگەیەنەرو ڕستەی پرس و ڕستەی فەرمان و سەرسوڕمانیشدا دەرکەوێ، لە دەرکەوتنیشدا واتا سەرەکییەکەی ناسڕێتەوە، بەڵکو زۆر جاریش دەبێتە هۆی زیادکردنی واتای فەرهەنگی. (سازان ڕەزا معین، ٢٠٠٥: ٤٨) .

پاش خستنەڕووی پێناسەکان، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە میتافۆڕ، گەر گواستنەوەی واتا بێت، یا بەکارهێنانی وشەیەك بێت بە واتای جیاواز بەپێی دەوروبەر و باری بەکارهێنان، یاخود خواستنی واتا بێت لە واتا بنەڕەتییەکەوە بۆ واتایەکی تر، یان هەبوونی چەند واتایەك بێت لە تاکە فۆڕمێکدا، ئەمە هیچ لەو بارە ناگۆڕێت، کە دیاردەی میتافۆڕ یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی، کە ئاخێوەری زمان توانیویەتی سودێکی باشی لێوەربگرێت بۆ دەربڕینی بیرەکانی و پڕکردنەوەی پێداویستییە وشەییەکانی، واتە میتافۆڕ بووەتە سەرچاوە و چاوگێکی بەپێز بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، چونکە وەك پێشتر خستمانەڕوو زمان لە توانستیدا نییە بۆ دەربڕینی هەموو دیاردە و بابەت و شت و بوبەرێکی نوێ وشەیەکی نوێی بۆ دروستبکات و دابتاشێت، بۆیە یەکێك لەو ڕێگە بەرفراوانانەی، کە زمان توانیویەتی سودێکی گەورەی لێوەربگرێت، بریتییە لە بەکارهێنانی وشە هەبووەکانی زمان و خستنەپاڵی واتا و مەبەستی نوێ، یاخود دروستکردن و بەکارهێنانی واتای نوێ بۆ وشە و چەمکە هەبووەکانی زمان، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی میتافۆڕەوە، بۆ نموونە ئەگەر واتای بنەڕەتی وشەیەکی وەك (کورسی) وەربگرین، کە بۆ واتای (کەرەستە و ئامرازی دانیشتن) لای ئاخێوەران بەکارهاتووە، بەڵام لە ئێستادا جگە لەم واتایە، وشەکە هەڵگری واتاکانی: (+دەسەڵات و + خوێندن) یش دەدات، وەك لە نموونەکانی (1، 2، 3) دا خراونەتەڕوو:

1- ئارام کورسییەکەی لە باخەکەدا دانا. ..... (+ دانیشتن)

2- سەرۆکی دیکتاتۆر بە ئاشتی دەستی لە کورسییەکەی بەرنابێت. (+دەسەڵات)

3- وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵی ڕابردوو کورسییەکی زۆری بۆ خوازیاران دابینکرد. (+ خوێندن)

لە نموونەکانی (1، 2، 3) دا، وشەی (کورسی)، جگە لە واتا (باو و بڵاو – شائیع) هکەی، کە هەموو ئاخێوەرێکی زمان دەزانێت، لە ئێستای زمانی کوردییدا واتای دووەم و سێیەمیشی هەیە، کە بە واتای (+دەسەڵات) و (+خوێندن) دێت، کە دەتوانین بڵێین واتای یەکەمی واتایەکی بنەڕەتی و یەکەمییە و واتاکانی تر واتای (دووەم و سێیەم) ن و بەپێی بارودۆخی قسەکردن و مەبەستی ئاخێوەر واتاکەی ڕووندەبێتەوە، کە مەبەست لە کام واتایەیانە، هاوکات نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت، کە واتای دووەم و سێیەم جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ واتا بنەڕەتییەکەیدا ماوە و بە تەواوەتی لە واتا یەکەمییەکەی دانەبڕاوە. هەر لەم ڕووەوە ئەگەر بڕوانینە نموونەیەکی وەك (ڕستن)، لە خاڵی (4، 5) دا، کە لە نموونەی (4) دا بە واتای ئاسایی و لە نموونەی (5) یشدا ئاخێوەر بە واتای میتافۆڕیی بەکاریدەهێنێت:




4- ژنەکە خوریبەکەی ڕست.     5- ژنەکە لە دانیشتنەکەدا زۆری ڕست.

هەربۆیە بە بۆچوونی ئەم توێژینەوەیە، کە زۆربەی سەرچاوە بەکارهێنراوەکانی ئەم توێژینەوەیەش جەختیانلەسەر کردووەتەوە، چەمکی میتافۆڕ: بریتییە لە کەرەستەیەک، کە لە فەرهەنگی زماندا واتایەکی هەیە، پاشان بە هەر هۆکارێک بێت، لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەوە بۆ واتا و مەبەستێکی دیکە هاوشانی واتا فەرهەنگییەکەی بەکاردەهێنرێت.

٢/١) گرنگیی میتافۆڕ :

هەردیاردەیەک لە زماندا پەیدادەبێت، بێگومان بەهاو نرخی خۆی هەیە، دیاردەی میتافۆڕیش وەک هەر دیاردەیەکی تری زمانی بەدەر نییە لە گرنگی و بایەخ، لێرەدا هەندێک لەو گرنگییانە دەخەینەڕوو :

١-واتای فەرهەنگیی دەربڕینەکە ناسڕێتەوە، بەڵکو هاوشانی واتا خواستراوەکە بەکاردەهێنرێت، واتە ئاخێوەری زمان دەتوانێت بەپێی مەبەستی خۆی بەکاریبهێنێت. (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠ : ١٣) .

٢-میتافۆڕ، توانای زمانیی و ئەدەبیی بە زمانی مرۆڤ دەبەخشێت، زۆرجار ئەوەی مەبەستە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەدرکێنرێت.

٣- بەهۆی میتافۆرەوە دەتوانرێت کۆن و نوێ بەیەکترەوە ببەسترێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسان تێگەیشتنو ئاسان فێربوون. (پەروین عوسمان، ٢٠٠٩ : ١٥٣)، مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە، کە لە ڕێگەی میتافۆڕەوە دەتوانرێت سوود لە وشە هەبووەکانی زمان وەربگیررێت و بە واتای نوێ دابگیردرێتەوە، کە ئەمەش دووبارە گیانبەبەرداکردنەوەی وشە کۆنەکان و بەخشینی واتایەکی نوێیە پێیان و بەکارهێنانەوەیانە لە زماندا، وەك نموونەی (6) .

٦- قیتار:

قیتار ______ ئەو وشترەی، کە پێش کاروان دەکەوێت. (کۆن)

قیتار ______ ناوە بۆ ئامێر/هۆیەکی گواستنەوە. کە لە (ئێستا)ی زمانی عەرەبیدا ناوە بۆ یەکێك لە هۆیەکانی گواستنەوە.

٤-پڕکردنەوەی واتای فەرهەنگیی وشە، فەرهەنگی هەر زمانێک چەند دەوڵەمەند و پڕبێت، هێشتا بۆشایی گەورە بەخۆوە دەبینێت.

٥-زۆرجار قسەکەر/نوسەر لە ئاخاوتن/نوسیندا بۆ جوانترکردن و کاریگەرترکردنی دەربڕین و مەبەستەکەی، پەنادەباتەبەر دیاردەی میتافۆڕ، کە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە بەکارهێنانی میتافۆر لە ئەدەبدا، بۆ نموونە وەك نموونەی (٧، ٨) کە ئاخێوەر لە بری ئاوەڵناوی (ئازایانە)، ئاوەڵناوی (شێرانە) بەکاردەهێنێت:

٧- پێشمەرگەی کوردستان ئازایانە دەجەنگن.

٨- پێشمەرگەی کوردستان شێرانە دەجەنگن.

هاوکات جگە لەو خاڵانەی، کە ئاماژەمانپێدان، لایەنێکی تری گرنگیی میتافۆڕ لەوەدایە، کە توانای دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی هەیە و یەکێکە لەو ڕێگەیانەی، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەپێزکردن و زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زماندا هەیە و توانستێکی باش بە ئاخێوەر دەبەخشێت، هەم بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی قسەکەران و هەم وەك لایەنێکی ئیکۆنۆمیکردنیش ئاخێوەر سەرپشکدەکات لەوەی لەسەر بنەمای وشە هەبووەکانی زمان بتوانێت واتای نوێیان بۆ بەکاربهێنێت و بیانگوێزێتەوە بۆ واتا و کێڵگەی نزیك لە واتا بنەڕەتییەکەی، بۆ نموونە لە وشەکانی خشتەی ژمارە (2)، بە ڕێگەی لێکدان چەندین واتای میتافۆڕیی لە زمانی کوردییدا دروستکراوە:

| ژ | وشە | واتای ئاسایی | واتای میتافۆڕیی بە ڕێگەی لێکدان |
|---|---|---|---|
| 1 | دەست | +ئەندامی لەش | دەستکورت (+مرۆڤی کەمدەرامەت) |
| 2 | کورت | +ئاوەڵناو (ڕووبەر) | |
| 3 | چاو | + ئەندامی لەش | چاوپیس (+مرۆڤی بەرچاوتەنگ و چاولەماڵی خەڵکی (حەسود) |
| 4 | پیس | + ئاوەڵناو (پاوکوخاوێنی) | |

خشتەی (2)، دروستکردنی واتای میتافۆڕیی لە وشە ئاساییەکانی زمان بە ڕێگەی لێکدان

٣/١) تایبەتمەندییەکانی میتافۆڕ:

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دیاردەی میتافۆڕ، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەستنیشاندەکەین:

١-دیارترین تایبەتمەندی میتافۆڕ جۆری ئەو سەدمەیەیە، کە دەیهێنێتە ئەنجام. (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠ : ٩) .

٢-میتافۆڕ پەیداکردنی واتایە بۆ دروستەیەکی زمان، لەسەر بنەمای هەبوونی پەیوەندی لەنێوان واتای هۆشەکیی و واتای خواستراوی دروستەکەدا. (دارا حەمید محەمەد، بێستوون حەسەن ئەحمەد، ٢٠١٣ : ٢٠١ ) .

٣-میتافۆڕ واتای فەرهەنگیی و لێڵی نییە، واتە ناتوانین بە واتای فەرهەنگیی وەریبگرین، چونکە ئەوەندە لێڵ نییە، بۆ لێکدانەوەی پێویستمان بە فەرهەنگ بێت. (شیلان عومەر حسەین، ٢٠٠٩ : ٧٢ – ٧٣) .

٤-بابەتی گوتنەکە دیاربێت، واتە دەوروبەری زمانیی یان نازمانیی بتوانێ بابەتەکە بخاتەڕوو، چونکە بەبێ باری گوتن و بابەتی گوتن، ناتوانین واتای وشەکە دیاربیکەین.

٥-میتافۆڕ بە واتای چەسپاوی خۆی بەکارنایات. (ڕۆژان نوری عەبدوڵا، ٢٠١٣: ١٨٠) .

٦-یەک شت بیر یان کارێک بە وشە و دەربڕین دەگەڕێندرێتەوە بۆ شت و بیر و کارێکی تر، چونکە هەندێک خاسیەتی هاوبەشیان هەیە. (هاڵبێرگ، ٢٠١٠ : ٧٩) .

٧-شتێک نییە نەتوانین گوزارشتی لێبکەین، بەڵام ئەرکی زمان قۆستنەوەی ئەو دەربڕینانەیە، کە پێی ڕانەهاتوین. (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠ : ١٦) .

٤/١) هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میتافۆڕ:

١-پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی: قسەکەری زمان ناتوانێت تەنها بە وشەی فەرهەنگی زمان، پێداویستی ڕۆژانەی لە بواری ئاخاوتندا فەراهەمبکات، لەم بارودۆخەدا پەنادەباتەبەر بەکارهێنانی وشەیەک بۆ مەبەستێکی دیکە، بەدەر لە واتا بنجییەکەی، واتە هەمان فۆڕم، بەڵام بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاردێت.

٢-گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیان: بەردەوام دیاردەی نوێ دێتە نێو ژیانەوە، ئەمانەش پێویستیان بە دەربڕین هەیە لەزماندا، بۆیە واتایەکی تر بە بەر وشەکانی زماندا دەکرێت، چونکە ژمارەی وشەکانی زمان سنوردارن و لەبن دێن، بەڵام واتا هەرگیزا و هەرگیز کۆتایی نایات، هەمیشە لە پەرەسەندندایە، ئەم ڕاستییە وای لە میللەتان کردووە هەندێک لە وشەکانیان بۆ دوو واتا یان زیاتر بەکاربهێنن. (کامل حەسەن بەسیر، ١٩٧٩ : ٥٨) .

٣- لە ڕووی هونەرییەوە میتافۆر، یەکێکە لە بابەتە گرنگە ڕەوانبێژییەکان و شاعیران بۆ دەربڕینی هەست و سۆزیان و دەربڕینی لایەنی (جوانی – ئیستاتیکا) ی دەقە شیعرییەکانیان پەنادەبەنەبەر میتافۆر، بە هەرسێ جۆرەکەیەوە: (خوازە و خواستن و درکە)، واتە وەسیلەی جوانکاریی شیعرە، هەر لەم بارەیەوە (ڕیچاردز) دەڵێت: (ئاوەڵواتا هیچ نییە جگە لەوەنەبێت، کە هۆیەکە لە دەربڕینی هەڵوێستی دوێنەر دەربارەی ئەو بابەتەی لێی دەدوێ) (كامل حسن بەسیر،1981: 107) . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە دوو نموونەی شیعری دەخەینەڕوو:

ئەحمەد موختار جاف دەڵێت:

لە خەو هەڵستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

(دیوانی احمد موختار جاف،2016: 157)

ئەحمەد هەردی دەڵێت:

بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم

شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم

(دیوانی ڕازی تەنیایی،1984: 58)

ئەگەر تەماشای دێڕە هۆنراوەکەی (ئەحمەد موختار جاف) بکەین، دەبینین لە ڕێگەی (لەخەو هەستن) هوە، کە مەبەست پێی واتا بنەڕەتییەکەی (خەوتن) نییە، بەڵکو مەبەستی واتا میتافۆرییەکەیەتی، کە وریاکردنەوە و داواکارییەکی دڵسۆزانەیە بۆ نەتەوەکەی، کە هەرچەند خاوەن فەزڵ و هونەر و قوربانیدان و تێکۆشان و مێژوویەکی پڕ ناگوزەریی بن، بەڵام تا لە خەوی غەفڵەت و بێئاگاییدا بن و تێنەکۆشن و یەکگرتوو نەبن و کۆشش نەکەن و گرنگی بە زانست و زانیاریی و خۆ دروستکردن نەدەن، ئەوا هەر بە ژێردەستەیی و دواکەوتوویی دەمێننەوە.

هەروەها (ئەحمەد هەردی) هۆنەریش لە ڕێی فرێزەکانی: (لوتکەی بڵندی گەنجی) و (شریتی عومری ڕابردوو) هوە، دوو وێنەی هونەریی دروستکردووە، کە شاعیر هەردوو دەربڕاوەکەی بۆ واتایەکی میتافۆریی بەکارهێناوە و وێنەیەکی درامیی خستووەتەڕوو، کە چۆن مرۆڤێك بچێتە سەر لوتکەیەکی بڵندی شاخێك و تەماشای خوارەوەی بکات، بەشی خوارەوەی شاخەکە (پێدەشتەکە)، وەك وێنەیەك دێتە بەرچاوی و لێیدەڕوانێت. شاعیر زیرەکانە ئەم دیمەنەی گواستووەتەوە و لە جیاتی لوتکەی چیای حەقیقیی لوتکەی تەمەن و کۆتایی تەمەنی خۆی بەرامبەری داناوە، هەروەها لە بری وێنە سروشتی/فیزیکییەکانی دامێن و پێدەشتی بەردەم چیاکە، وێنەی هەوراز و نشێو/خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لە شوێن داناوە و وەك فیلمێك بە فلاشباك تەماشایان دەکات، کە لە سەرجەمی دێڕە شیعرەکەدا وێنەیەکی درامیی جوانی جوڵاو دێتە بەرچاو و خەیاڵمان، کە ئەم لایەنە یەکێکە لە جوانییەکانی میتافۆر بە دەست شاعیرانەوە بۆ دەربڕینی وێنە خەیاڵاوی و سۆزیی و دەروونییەکانی خۆیان و جوانترکردن و زیاتر چێژبەخشین بە دەقەکە.

## بەشی دووەم : کشانی واتای ئاخاوتنی ڕۆژانە:

### ١/٢) چەمکی کشانی واتا:

ئەم دیاردەیە وەک دیاردەیەکی زمانیی، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە، چونکە زمان لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتییدا هاوتەریبە، بۆیە هەر گۆڕانێک لە ژیانی مرۆڤدا ڕووبدات، لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، لەبەرئەوەی زمان ڕەنگدانەوەی ژیان و کلتوری کۆمەڵگایە، هەروەها هیچ زمانێکیش ناتوانێت تەنها بەو واتایەی، کە لە فەرهەنگدا بۆ هەر وشە و مۆرفێمێک دانراوە پێداویستیی زمانەکە فەراهەمبکات، بۆیە پەنادەبرێتەبەر ئەوەی، کە فۆرمێکی زمانیی بەدەر لەو واتایەی لە فەرهەنگدا بۆی دانراوە و پێیدەگوترێت واتای فەرهەنگیی (واتای ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی زمانێکی دیاریکراودا تۆماردەکرێت)، واتایەکی دیکەی بۆ پەیدابیێت، چەندین هۆکار هەن وادەکەن، کە وشە زیاتر لە واتایەکی بۆ پەیدابیێت، لەوانە (فرەواتایی، هاوبێژیی، خواستنی وشەی بێگانە، هۆکاری ڕێزمانیی، واتای میتافۆریی)، کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێدەدەین.

کشانی واتا/فراوانبوونی واتا: یەکێکە لە جۆرەکانی گۆڕانی واتا، وەک دیاردەیەکی زمانیی سەرنجی واتاناسەکانی ڕاکێشاوە و بۆچوونی جۆراوجۆریان لەبارەیەوە دەربڕیوە، چونکە بەو کەرەستە زمانییانە دەوترێت، کە بۆ زیاتر لە واتایەک بەکاردێت، هەروەها بەکارهێنانی وشەکانی زمان بۆ واتای جۆراوجۆر خۆی لە خۆیدا نیشانەی کشانی واتایە، چەندین پێناسە بۆ دیاردەی کشانی واتا کراوە لەوانە:

محەمەد مەعروف، لەبارەی کشانی واتاوە دەڵێت: " وشە بە تێپەڕبوونی کات واتایەکی فراوانتر پەیدادەکات و دیاردەیەکی گەورەتر دەگرێتەوە " (٢٠١٠: ١٢٤).

ئیبراهیم ئەنیس بۆچوونی وایە: " کشانی واتا بریتییە لە فۆڕمی کۆن و واتا و مەبەستی نوێ، واتە هەمان فۆڕم بەڵام بە مانای نوێ ". (١٩٧٢: ١٤٦)، بۆ نموونە: (گەنم) واتایەکی دیاریکراوی هەیە، کە واتایەکی سیمانتیکییە، بەڵام دەگونجێت واتاکەی بکشێت، بە جۆرێک هەموو جۆرە جیاوازەکانی لە نموونەی (٩) بگرێتەوە.

(٩) گەنم ـــــــــــ گەنمی ڕەشگوڵ

ـــــــــــ گەنمی قەندەهاری

ـــــــــــ گەنمی مەکسیکی

کریستاڵ پێیوایە: " ئاماژە بۆ بوونی یەکەیەکی سیمانتیکی یان چەند یەکەیەکی سیمانتیکی دەکات لە قاڵب و فۆڕمی وشەیەکدا ". (٢٠٠٣ : ١٧٣) .

کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کشانی واتا/فراوانبوونی واتا بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك و کشانی سنوری واتایی وشەیەك و گرتنەوەی ڕووبەرێکی تری واتایی، جگە لە ڕووبەرە واتاییە بنەڕەتییەکەی وشەکە خۆی، کە یەکەمجار لە زماندا بۆی بەکارهاتووە، بەڵام بە مەرجێك کشانی ئەو واتایە، پەیوەندی نەپچڕێت لەگەڵ واتا بنەڕەتییەکەیدا و بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییەك هەر بمێنێت، کە داینەبڕێت لە واتا بنەڕەتییەکەی.

### ٢/٢) هۆکارەکانی کشانی واتا:

_هەر دیاردەیەک، کە لە زماندا سەرهەڵدەدات، لە ئاکامی چەند هۆکارێکەوە دروستدەبێت، دیاردەی کشانی واتاش لەخۆوە و بەبێ هۆکار نابێت، لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کشانی واتا :

١-پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵ: هەر پێشکەوتنێک لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤدا رووبدات، بێگومان فراوانبوونی زمانی بەدواوە دەبێت، چونکە ئەو هۆکارانەی دەبنە بنەمای فراوانبونی زمان پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤەوە: (هۆکاری جوگرافیی و سەربازیی و شارستانیی و تەکنۆلۆژیا ...هتد).(احمد مختار،١٩٩٨ :٢٤٤)، واتە گەشە و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، پێویستی بە گۆڕان لە زمانەکەدا هەیە، بۆ نموونە:

١٠- نۆکەر = خزمەتکار......... سەرەتا

نۆکەر = بەکرێگیراو (عمیل) ..... ئێستا (دارا حمید، بێستون حەسەن، ٢٠١٣ :٢٠١)، پەیوەست بە نموونەکانی (10)هوە دەکرێت، مەبەست لە پێشکەوتن بە گۆڕانی بارودۆخ و ژیانی کۆمەڵەوە، لە رووەکانی: (ڕامیاریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، حوکمڕانیی، ڕۆشنبیریی، هتد) ببەسترێتەوە، نەك تەنها جەخت لەسەر چەمکی (پێشکەوتن) بکرێتەوە.

٢- بوونی دیاردەی هاوبێژیی و فرەواتا و لێلی:

چەمکی هەرسێ پەیوەندییە واتاییەکە بریتییە لەوەی: وشەیەک یان مۆرفیمێک، یەک فۆرمی بۆ زیاتر لە واتایەک هەبێت، کاتێک فۆرمێکی زمانیی توانای گەیاندنی زیاتر لە واتایەکی هەبێت، واتە واتاکەی کشاوە، (دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦: ٢٣).( دارا حەمید محەمەد، ٢٠٠٦: ٦٨ ) . بۆ نموونە:

هاوبێژ:

١١- سوچ ______ سوچ١ : گۆشە (زاویە)

______ سوچ٢ : گوناه . (جەمال بابان: ٣٧٧)

١٢- مار______ ماڵ و خانوو (زاری هەولێر)

______ خشۆکێکی ژەهرداره (زۆربەی زارەکان) . (فەتاح مامە، ١٩٨٩: ٣٠) .

فرەواتا:

١٣- خاو

خاو______ سست و لەسەرخۆ .

______ پەرشوبڵاو. (محەمەد مەعروف،سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦ :٨٠) .

لێڵی:

١٤- چوو _____ ڕۆیشت (ک. ناوەڕاست)

_____ خەنجەر (زاری لوڕی)، (حەمیدی ئێزدە پەناە،١٩٧٨: ٧٨) .

٣- خواستنی وشەی بێگانە: بریتییە لە هێنانی وشە و کەرەستەی زمانیی، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، زۆرجار کەرەستە خواستراوەکە بۆ مەبەستێکی تر، کە جیاوازە لە مەبەستە بنجی و بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاردێت، واتە وشە وەرگیراوەکە لە زمانی دووەمدا واتایەکی دیکەی هاوشانی واتا بنجییەکەی بۆ پەیدادەبێت، بەمەش وشەکە واتاکەی دەکشێت. بۆ نموونە، (١٥) بیر

بیر١ ______ بیرکردنەوە (بیر)

بیر٢ ______ بیر (بیئر، چاڵی ئاو) .

٤- هۆکاری ڕێزمانیی: زۆرجار دروستەیەک بە هۆی لایەنی ڕێزمانییەوە کشانی واتایی تیادا چێدەبێت، ئەمەش زیاتر لەو فرێز و ڕستانەدا دەردەکەوێت، کە زیاتر لە لێکدانەوەیەکیان هەیە، ئەمیش پەیوەستە بە دروستەی قووڵەوە، دوو ڕستەی جیا لە ئاستی ژێرەوەدا بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە لە ڕوکەشدا دەبن بە یەک، ئەمەش وەک هۆکارێکی ڕێزمانیی سەیردەکرێت، بۆ زیادکردنی واتای یەکەزمانیی و دەربڕینەکان. (مقبول علی، ٢٠١١ :١٣٦) . بۆ نموونە :

١٦- <پێمدەخورێت>

16-أ- ئەو خواردنە بە من دەخورێت.

---------- پێ م دەخورێت چاوگی (خواردن)

16-ب- پێ/قاچی من دەخورێت.

پێ/قاچ م دەخورێت چاوگی (خوران)

٥- لە ڕێی پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە:

مەبەست لەو پەیوەندییەیە، کە یەکەیەکی زمانیی لەگەڵ وشەکانی تر، لە یەک چوارچێوەدا هەیەتی، وەک پێوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەک، یان پەیوەندیی نێوان دەنگەکانی وشەیەک. (محمد علی الخولی، ١٩٨٢: ٢٨٠)، هەندێکجار ئەو پێکەوەهاتن و هاوڕێیەتیکردنە دەگاتە ئاستێک گەر وشەیەک لە پێکهاتەی ڕستەکەدا دەرنەکەوێت کەرەستەکانی تر واتاکەی ڕووندەکەنەوە، واتە وشەیەک واتاکەی دەکشێ و واتای وشە دەرنەبڕاوەکە دەگەیەنێت. ( ساجیدە فەرهادی، ٢٠٠٢: ١٠) .

١٧- بەغداد بەم دۆخە ڕازینابێت.

١٨- شار کش و ماتە.

١٩- ڕژێمی بەعس ڕوخا.

لە هەریەک لە ڕستەکانی سەرەوەدا کەرەستەیەک باسنەکراوە، لە ڕستەی (بەغدا بەم دۆخە ڕازی نابێت) کەرەستەیەک دەرنەبڕاوە، کە (سەرۆک) ە، لە ڕستەی (شار کش و ماتە) . دانەی زمانیی (خەڵک) دەرنەبڕاوە، هەروەها لە ڕستەی (ڕژێمی بەعس ڕووخا)، ناوی (صدام حسین) دەرنەبڕاوە، لە هەریەک لەو ڕستانەدا کەرەستە دەرنەبڕاوەکانی (سەرۆک و خەڵک و صدام حسین) کاریاننەکردووەتە سەر واتای گشتی ڕستەکە، چونکە وشەکانی هاوڕێیان توانیویانە واتای وشە دەرنەبڕاوەکانیش بگەیەنن، واتە واتاکانیان کشاوە.

٦-بوونی واتای میتافۆریی:

ئەم هۆکارە یەکێکە لە ڕێگا هەرە باوەکانی کشانی واتا، ئاشکرایە، کە کشانی واتا لە زۆر شێوەی زمانییدا دەبینرێت: گوتاری ڕۆژنامە، گوتاری ئایینی، نوسینی ڕۆمان و ئاخاوتنی ڕۆژانە...هتد، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، چونکە ئاخاوتن گرنگترین جۆری بەکارهێنانی زمانە، ئاخاوتن واتە گفتوگۆی نێوان هاوبەشەکان (قسەکەر و گوێگر)، کە بەردەوام دەورەکانیان دەگۆڕن، ئاخاوتن ئەو جۆرەیە کە منداڵ فێری زمانی دایکی دەبێت، هەروەها چەندین لایەنی پراگماتیکی

هەن لە ئاخاوتندا دەردەکەون وەک: دەوروبەر ، قسەکەر و گوێگر، نیشانەپراگماتیکییەکان، پێشبینییە پێش وەختەکان ...هتد .
شیکردنەوەی ئاخاوتنیش هەروا کارێکی هەرەمەکی نییە، بەڵکو یاسای تایبەتی خۆی هەیە.

میتافۆر ئامرازێکی بەهێزە، هەرکاتێک بمانەوێ بارێکی نوێ بدۆزینەوە یان ڕوونیبکەینەوە یان وەسفیبکەین، توانای ئەوەمان دەداتێ، کە باری نوێ لە چوارچێوەی وشە و دەربڕینی کۆندا لێکبدەینەوە، چوارچێوەیەک، کە پێی ئاشناین و لێی دەزانین، (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠: ١٣-١٤)، بەکارهێنانی زمان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە زۆر بواری ژیاندا ڕەنگدەداتەوە، ئاشکرایە کە زمان هاوتەریبی ژیانە، بۆیە بەکارهێنانی وشەکانی زمانیش بە واتای میتافۆریی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە ڕوونی دیارە، بوونی گوتنی میتافۆریی بە ڕادەیەکی زۆر لە زماندا و بە تایبەت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، هۆکاری گرنگیپێدانی زمانەکانە بەم دیاردەیە، ئەم نموونانەی خوارەوە بەڵگەی ئەو ڕاستییەن.

٢٠- خەم بوو بە نان و ئاوم.

٢١- خەم هاوڕێمە.

٢٢- خەم بەجێم ناهێڵێت.

٢٣- خەم دڵی ڕەشکردمەوە.

لە هەریەک لەم نموونانەدا وشەی (خەم) میتافۆری دروستکردوە، چونکە وشەکانی لە واتایەکەوە گواستووەتەوە بۆ واتایەکی تر، ئاشکرایە لەم بارودۆخەدا، کە جیهان بەدەست پەتایەکی کوشندەی وەک ( کۆرۆنا ) وە دەناڵێنێت، وەک ئاماژەشمان پێدا زمان ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵە، بۆیە ئەم دەربڕینانە بەسەر زاری خەڵکەوەن و بەردەوام بەکاردێن.

٢٤- پیاوەکە سور هەڵگەڕا .

٢٥- ژنەکە لە شەرما سورەوە بوو.

٢٦- کچەکە ڕەنگ لە ڕووی نەما .

ئاشکرایە هەریەک لەم نموونانە دیاردەی میتافۆریان بەرجەستەکردوە، لە نموونەی (٢٤) دا بەهۆی شەرمەوە گۆڕانێکی فسیۆلۆژیی لە جەستەی مرۆڤدا ڕوودەدات، واتە سوربونەوە نیشانەی شەرمە، هەروەها زەردبوونیش نیشانەی ترسە، لە ترس و تەریق بوونەوەشدا دەوترێت ڕەنگ لەڕوویدا نەما.

٢٧- دەسەڵاتداران دەستیانخستووەتە بینەقاقای ئەم شارە.

لە نموونەی (٢٨) دا فرێزی (دەستخستنە بینەقاقا) دیاردەی میتافۆری دروستکردووە، چونکە وشەکە بۆ واتایەکی جیا لە واتا بنجییەکەی خۆی بەکارهاتووە.

٢٨- کابرا قسەی خۆش بووە .

لەم نموونەیەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە وشەی (قسەخۆش) واتایەکی فەرهەنگیی هەیە، بەڵام لەم نمونەیەدا بە واتا بنجییەکەی خۆی بەکارنەهێنراوە، قسەکەر لە ڕێگەی خواستنەوە بۆ واتای (درۆزن) بەکاریدەهینێت.

29- لەوەتەی کوڕەکەم چووە بۆ جەنگ، دەڵێیت لەسەر ئاگرم.

لێرەدا وشەی (لەسەرئاگر) بۆ واتایەکی میتافۆریی بەکارهێنراوە، بە واتای (ژیانێکی ناخۆش، ئۆقرە لێهەڵگیراو) بەکارهاتووە، لە ڕێگەی لێکچواندنەوە پەیوەندییەکە دروستکراوە.

ئەو نموونانەی لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو وشەکان بەدەر لە واتای بنجی خۆیان بۆ واتایەکی تر بەکارهاتوون، ئەویش لە ڕێگەی هەبوونی پەیوەندی لەنێوان هەردوو واتاکەدا، چونکە زۆربەی زمانەوانەکان لە پێناسەکردنی دیاردەی (میتافۆر) دا، ئاماژەیان بە هەبوونی پەیوەندی لەنێوان واتا بنجییەکە و واتا خواستراوەکە کردووە، وەک جرجانی دەڵێت: هەموو زانستی ڕەوانبێژی باس لە واتای واتا دەکا، واتە بەکارهێنانی وشەیەک بە واتایەک، کە واتا بنەڕەتییەکەی نییە، بەڵام پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. (ڕولان بارت،١٩٨٥:٥٣)، یان هۆسکنز بەدۆزینەوەی ڕێکەوتن لەنێوان دیاردە جیاوازەکان، دەیناسێنێت.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، بۆ زیاتر تیشکخستنەسەر ڕۆڵی میتافۆر لە کشانی واتادا، پەیوەست بە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی (زمانی کوردیی – کرمانجی ناوەڕاست/شێوەی سلێمانی) یەوە، هەوڵدەدەین لە ڕێگەی خشتەی (3) هوە لەبەر سنورداری توێژینەوەکەمان و بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەران، چەند نموونەیەکی زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بخەینەڕوو، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردیی، جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی بە واتای میتافۆرییش بەکاریدەهێنن و کەموزۆر پەیوەست بە ئەزموونی کەسیی و لایەنی ڕۆشنبیرییەوە ئاخێوەران لەسەر واتا میتافۆرییەکەی ڕێککەوتوون و لە کاتی ئاخاوتن – بەکارهێنانی زماندا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت و سودیلێوەردەگیرێت، کە هەندێکجار بارودۆخی ئاخاوتن و دەوروبەر و بواری ئاخاوتن و شێوازی زمان، کە مەبەستمان لە شێوازی قسەکردنە، ڕۆڵدەبینین لە برەوپێدان و زیاتر بەکارهێنانی واتا میتافۆرییەکانی ئەو نموونانەی، کە لە خشتەکەدا ئاماژەمانپێکردوون، هەروەها پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە سروشتی ئەو نموونانەی هێناومانەتەوە، لە ڕووی جۆری یەکە زمانییەکانەوە: (وشە، فرێز) ش دەگرێتەوە، ئەمە جگەلەوەی بۆ زیاتر لایەنی تێگەیشتن و ڕوونکاریی واتای بنەڕەتیی نموونەکان و واتامیتافۆرییەکەیشیمان نووسیوە.

| ژ | نموونە | واتای بنەڕەتیی | واتای میتافۆریی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕێوی | ناوی ئاژەڵێکی کێویی | مرۆڤی فێڵباز |
| 2 | مەڕ | ناوی ئاژەڵێکی ماڵیی | مرۆڤی بێدەسەڵات و بێدەنگ |
| 3 | کەر | ناوی ئاژەڵێکی ماڵی | مرۆڤی گەمژە و بێعەقڵ |
| 4 | شێر | ناوی ئاژەڵێکی دڕندە | مرۆڤی ئازا و بەجەرگ |
| 5 | کونەپەپوو | ناوی باڵندەیەکی کێویی | مرۆڤی شووم |
| 6 | عەلەشیش | ناوی باڵندەیەکی ماڵیی | مرۆڤی گێژ |
| 7 | بەرخ | ناوی ئاژەڵێکی ماڵی | مرۆڤی سپی و سۆڵ |
| 8 | دارچنار | ناوی دار/ڕووەکێك | مرۆڤی باڵابەرز |
| 9 | هەرمێ لاسورە | ناوی میوە | بۆ ڕووخساری جوان و سوورو سپی |
| 10 | فستق | ناوی چەرەزو ڕووەکێکە | بۆ کچێکی تازەهەڵچووی ناسك، پەسنێکی تابۆیشی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | هەیە |
| 11 | پۆلیس | ناوی کارمەندی حکومەت لە وەزارەتی ناوخۆ | بۆ ئافرەتی رووخسار ناشیرین |
| 12 | حەمام | شوێنی خۆشۆرین | دانیشتنێك، کەس ئاگای لە کەس نەبێت (گەرەلاوژە) |
| 13 | سەگ | ناوی ئاژەڵێکی ماڵی | بۆ کەسی بە وەفا |
| 14 | پشیلە | ناوی ئاژەڵێکی ماڵی | بۆ کەسی سپڵە |
| 15 | مۆز،خەیار | ناوی دوو میوە و سەوزەن | واتایەکی تابۆی میتافۆریشیان لە زمانی ئاخاوتندا، پەیوەست بە شێوەیانەوە هەیە. |
| 16 | مێشك | سەر (مێشك ئەستور) | دەماغ/عەقڵ (مێشك لە سەریا نییە)، (بێ مێشك) |
| 17 | کەریمی عەلەکە/حا تەمی تەیی | ناوی دوو مرۆڤن لە کۆمەڵی کوردیی و عەرەبیدا | بەخشندەیی |
| 18 | فەرهاد | ناوی مرۆڤێکی عاشق | رەنج بەخەسار/رەنج بێوەر |
| 19 | بەکۆ | ناوی مرۆڤێك | سیخور/شۆفار |
| 20 | براگەورە | برای گەورە پەیوەست بە تەمەنەوە | لە ئێستادا بەکاردێت بۆ سەرۆکی حکومەت (مەسرور بارزانی) لای لایەنگرانی پارتیی |
| 21 | مامی بچووك | مامی بچووك پەیوەست بە تەمەنەوە | لە ئێستادا بەکاردێت بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت (قوباد تاڵەبانی لای لایەنگرانی یەکێتیی |
| 22 | حەمەقەدۆی موسڵ | ناوی مرۆڤێکی دەوڵەمەند | دەوڵەمەندیی |
| 23 | پەنیر | ناوی خواردنێکە | بەکاردێت بۆ جوانی و ناسکیی و سپێتی |
| 24 | مامەریشە | ناوی فەرماندەیەکی ئازایە | ئازایی و گیانفیدایی |
| 25 | ئەسپ | ناوی ئاژەڵێکی ماڵیی | جوانی و تێکسمڕاویی و بەهێزیی |
| 26 | ئاسك | ناوی ئاژەڵێکی کێویی | بۆ جوانی و ناسکیی ئافرەت بەکاردێت |
| 27 | تانجی | ناوی ئاژەڵێکی ماڵیی | بۆ لاوازیی جەستە |
| 28 | مانگا | ناوی ئاژەڵێکی ماڵیی | بۆ قەبەیی و زۆر خۆریی |
| 29 | بەراز | ناوی ئاژەڵێکی کێویی | بۆ کەسی بێ رەحم |
| 30 | گورگ | ناوی ئاژەڵێکی کێویی | زۆرداریی و حەسودیی |
| 31 | گوڵ | ناوی رووەك | جوانی و ناسکیی |
| 32 | مەیمون | ناوی ئاژەڵ | ناشیرینی |
| 33 | دێز/دێزە | ئاوەڵناوە بۆ رەنگێك لە نێوان رەش و خۆڵەمێشی | بۆ مرۆڤانێك، کە قازانجی خۆیان نازانن |
| 34 | گەورە | ئاوەڵناوە بۆ قەبارە | تەمەن و دەسەڵات |
| 35 | ماش و برنجی | ناوی دوو خواردنە، کە رەنگیان رەش و سپییە | بۆ رەنگی قژێك، کە رەش و سپییە |
| 36 | وەزیری ناوخۆ | فەرمانبەرێکی حکومیی، کە ئەرکی سەرپەرشتکردنی رێکخستنی کاروباری ناوخۆی وڵاتێکە | لە ئاخاوتنی رۆژانەدا هەندێك لە پیاوان بۆ (هاوسەر) هکانیان بەکاریدەهێنن. |
| 37 | 106 | هێزێکی پۆلیسی فریاکەوتنە | لە ئاخاوتنی رۆژانەدا هەندێك لە پیاوان بۆ (هاوسەر) هکانیان بەکاریدەهێنن. |
| 38 | 31ی ئاب | رێکەوتێکە | پەیوەستە بە رووداوێکی مێژوییەوە، کە (داگیرکردن) هوەی هەولێرە لەلایەن سوپای سەدامەوە |
| 39 | 16ی ئۆکتۆبەر | رێکەوتێکە | پەیوەستە بە تەسلیمکردنەوەی کەرکوک بە هێزە عێراقییەکان |
| 40 | 1991 | رێکەوتێکە | پەیوەستە بە راپەڕینی بەهاری 91ی خەڵکی کوردستان دژی هێزەکانی عێراق |
| 41 | 21ی ئازار | رێکەوتێکە | یەکەم رۆژی نەورۆز و بەهارە |
| 42 | 12ی رەبیعول ئەوەل | رێکەوتێکە | پەیوەستە بە لە دایکبوون پێغەمبەری ئیسلام محمد (د.خ) . |
| 43 | نان | ناوی خواردنێکە | کاروکاسبی و مەعیشەت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 44 | کورسی | کەرەستەی دانیشتن | دەسەڵات و خوێندن |
| 45 | سفرە | پارچە نایلۆنێك، کە لە کاتی نانخواردندا ڕادەخرێت | خوان و میوانداریی |
| 46 | کۆتر و چڵە زەیتون | ناوی باڵندە، ناوی لقە دارێکە | ڕەمزی ئاشتیی |
| 47 | ئەنفال | ناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزە و باسی چۆنییەتی کۆکردنەوە و دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگ دەکات | پەیوەستە بە کارەساتێکی ناخۆشیی مێژوویی، کە ڕووبەڕووی میللەتی کورد بووەتەوە. |
| 48 | لق | لقی دار و درەخت | بەش (فرع) |
| 49 | سێو و هەرمێ و نارنج | ناوی میوەن | لە ئەدەبی کوردییدا بۆ واتای (مەمك) بەکاردێت |
| 50 | چەك | ناوی ئامێری جەنگیی (سیلاح) | پارچە کاغەزێك، کە بەهایەکی دراویی هەیە، تەنانەت بە پێی کۆنتێکست و لە ڕستەدا بۆ (قسە/وشە) ش بەکاردێت. |

خشتەی (3) نموونەی بەکارهێنانی چەند وشە و فرێزێك لە قسەی ڕۆژانەدا، بە واتای ئاسایی و واتا میتافۆریی بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن.

**ئەنجام:**

پاش تێڕوانین و ڕامان لە چەمکی میتافۆر وەک هۆکاری کشانی واتا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١-میتافۆر هۆکارە بۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی تێڕوانینمان، هەروەها هۆکارە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەران و لە ڕووی ئابووریکردنەوە یارمەتیدەرێکی باشە، کە زمان بتوانێت لەسەر بنەمای وشە هەبووەکانی و لە ڕێی کشانی واتاییەوە واتای نوێ لە وشە کۆنەکان باربکات و واتای نوێ دەربڕێت.

٢- دەربڕینە میتافۆرییەکان دورکەوتنەوە نین لە ژیان و مەنتیق، بەڵکو بەرجەستەکردنی ژیان لە میتافۆردا زیاترە وەک لە دەربڕینە ئاساییەکان.

٣-میتافۆر دەربڕینەکان جوان و ناسک و سەرنجڕاکێشتر دەکات، بە تایبەتی لە دەربڕینی هونەرییەوە. شاعیران لەم ڕووەوە سودێکی گەورەیان لە میتافۆڕ وەك لایەنێکی ئێستاتیکی و دەربڕینی هەست و سۆز و دروستکردنی وێنەی هونەری و دەربڕاوی هونەری پەنادەبەنەبەر میتافۆر.

٤- پەنابردنەبەر بەکارهێنانی میتافۆڕ هەندێکجار بۆ بارخۆشکردن و نزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتی پێویستە.

٥- هەندێکجار بەکارهینانی فۆڕمێکی زمانیی بۆ زیاتر لە مەبەستێک پەیوەستە بە وریایی و بە ئاگایی قسەکەرەوە، واتە ئەزموون و بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی بەپێز فاکتەرێکی گرنگە بە دەست ئاخێوەرەوە بۆ بەکارهێنانی دەربڕاویی میتافۆریی لە قسەی ڕۆژانەیدا.

**الملخص:**

تعدّ هذه الدراسة المعنونة " الدور المجازي لاكتساب المعنى - (المحادثات اليومية انموذجاً) ". محاولة لتسليط الضوء على الأنماط اللغوية للاتصالات اليومية التي تنطوي على معنى واحد أو أكثر. لا شك أن الاستعارة هي ظاهرة لغوية تأتي بأشكال مختلفة. في هذه الدراسة، يتم إلقاء الضوء على المحادثات اليومية كمصدر لجمع البيانات نظراً لأهميتها كنوع من التواصل الذي قد يتأثر بشكل مختلف بإعداداتهم والمشاركين كمخاطبين ومخاطبين. من خلال المحادثات، يكتسب الأطفال لغتهم الأم إلى جانب تنمية معرفتهم العملية.

تحليل الخطاب ليس بعمل عفوي ولكنه نشاط له قواعده الخاصة كما يتضح في المبادئ التداولية لـ ( أوستن) .

تظهر مثل هذه المبادئ أن الكلام قد يكون له أكثر من معنى واحد اذ تستخدم كلمات معينة، على سبيل المثال، لتسمية أشياء ما، ولكن لاحقاً، بعد التطور التكنولوجي في جميع جوانب الحياة، اكتسبت الكلمات نفسها معانٍ جديدة، وقد أدت هذه الظاهرة إلى وجود مجموعة أوسع من الاستعارات، تكمن قيمة الاستعارة كظاهرة لغوية في دورها الرئيسي في إثراء اللغة بتعبيرات مصاغة حديثاً لتسمية أشياء أو مفاهيم معينة مستجدة.

سەرچاوەکان :-

یەکەم/ بە زمانی کوردی:

أ- کتێب:

1- پیتەرهاڵبێرگ و دانەرانی، (٢٠١٠)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی (ئەنوەر قادر محەمەد)، مەڵبەندی کۆردۆلۆژی، سلێمانی.

٢- کامیل حەسەن بەسیر، (١٩٧٩)، زاراوەی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣- دەستەی کورد، (١٩٨١)، زانستی ئاوەڵواتا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

4- حەمید ئێزدە پەناه، (١٩٧٨)، فەرهەنگی لەک و لوڕ، لێدوان و بەراوردکردنی:محموود زامدار، بەغداد.

5- کەمال جەلال غەریب، (2012)، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر.

6- محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی ، هەولێر.

7- محەمەد مەعروف فەتاح، (١٩٩٠)، زمانەوانی،هەولێر.

8- سەلام ناوخۆش: (2008)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، چاپی دووەم – هەولێر.

9- شیلان عومەر حسین، (٢٠٠٩)، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتەی لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کۆردۆلۆژی،ڕەنج، سلێمانی.

10-ڕۆژان نوری عبدوڵا، (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

ب- نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

١١- دارا حەمید محەمەد،(٢٠٠٦)،پەیوەندییەواتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد - زانکۆی بەغداد.

12- دەشتی بەهجەت محەمەد، (٢٠١٦)، لێڵی لە گوتاری سیاسی کوردیدا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو.

13- سازان ڕەزا معین، (٢٠٠٥)، واتاودەوروبەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.

14- فەتاح مامە عەلی، (١٩٨٩)، هاودەنگ لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

پ- گۆڤار:

15- دارا حەمید محەمەد، بێستون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٣)، کشانی واتا لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

16- جمال بابان، (١٩٧٩)، هەندێک لەو زاراوانەی لە واتایەک زیاتر دەبەخشن، بەشی یەکەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد.

17-ساجیدە عبداللە فەرهادی، (٢٠٠٢)، پەیوەندی واتایی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٩) .

دووەم/ بە زمانی عەرەبی:

18-ابراهیم انیس، ( ١٩٧٢)، دلاله الالفاض، دار الانجلوالمصرية، مصر.

19-احمد مختار عمر، (١٩٩٨)، علم الدلالة، عالم الكتب، القاهره.

20- احمد ابراهيم مصطفى، (1943) ، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، دارالاحياء التراث العربي، بيروت – لبنان.

21- طالب محمد الزوبعي و ناصر حلاوي، (1996) ، البيان والبديع، الطبعة الاولى، دارالنهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت – لبنان.

22-محمد على الخولى، (١٩٨٢)، معجم علم اللغهالنظري انكليزى-عربى، مكتبەلبنان، بيروت.

23-مقبول على بشير، (٢٠١١)، الاتساع فى المعنى، عالم الكتب الحديث، الاردن.

24-رولان بارت، (١٩٨٥)،الدرجة الصفر للكتاب،(ت) محمد براده، الشركة العربية للناشرين المتحدين، الطبعةالثالثة، المغريب.

سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی:

25-Longman,(1993) ,Hand learners Dictionary of Amarican English.

26-D.A,Crystal,(2003) , Dictionary of linguistics and phonetics, Blackwell oxford, london.

27- Mark Aronoff & Janie Rees-Miller, (2003) , The handbook of Linguistics, Blackwell Publishing USA.

سێیەم/ دیوان:

28- ئەحمەد موختار جاف: (2016)، دیوان، لێکدانەوە و پێشەکی د.عزالدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپخانەی تاران – پەنجەرە.

29- ئەحمەد هەردی: (1984)، دیوانی ڕازی تەنیایی، چاپی دووەم، لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین لە چاپدراوە.